ئەبو بریص، مارمێلکە

هویتک، کردي مایفتهم*...
جیش الجبار یاعروبە، حدید و نار..

ساڵی ١٩٧٣یە و ماڵمان چوتە بەغدای، لەگەڕەکی ڕاغبە خاتوونین، چەند خێزانی کوردی هەورامی تیایە، لەوانە ماڵی مامۆستا حەمەمین هەورامی و ئاموازیەکی باوکم، عەلی عەبدوڵا بەگی بیارەییان پێ دەگوت، نازانم پلەی بەگایەتییەکی پێشتر چەند بووە! .، منداڵەکانی ئەوانیش ڕەنگی عارەبیان گرتووە. ئەو شەوەی گەیشتینە بەغدای، لە دەرکی ماڵی ئامۆزا عەلیمان زۆردا، بپێمان وابوو لەبەر ئەوەی لە خەوێکی قوڵدا بوون، دەرگایان نەدەکردەوە. ئیدی چوینە ماڵێکی دی خزم. بەیانی گوتیان دەبوو بە ئەبو فوئاد یان دایکی فوئاد بانگیان بکەن. ئەوە یەکەم وشە بوو، کە فێری بووم. کە بوومە پێشمەرگەش، ڕۆژانە دەها ئەبوو فلان، کە هەندێکیشیان کورد بوون، ژاوەی ئەبوناویان، لە مێشی سەر سەنیەر پتر دەنگی دەهات. خۆشبەختانە من ئەو ناوەم بەسەرد نەبڕا، چونکە هەر کاتێ بەناوی ئەبو ئورم بانگیان دەکردم، گوێی خۆم کەڕ دەکرد. باوکیشم هەروەها، ناوەکەی لە حەمە ڕەشید هەورامی نەگۆڕا بۆ شتێکی دی.

باسی ئەو ئەبوانە، وەک هاوڕێ (شوورەوی*) جارێک بۆمی نوسی بوو، هەرگیز تەواو نابێ و غەزەبی دەستەواژەی ئەبوشیان لە کلکی جانەوەر و ئاژەڵیش گیرکردوە. ، ئەو هاوڕێیە نوسی بووی، جارێکیان کۆمەڵێ پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە سەر کانیاوێک خەریکی پشودان دەبن، جوتیارێک لە هەر کامیان دەپرسێ ناوت چییە، ئێژێ ناوم ئەبو فلانە، بە کورتیەکەی، وەک ئەوەی یەک کۆپی بن، زۆربەیان ئەبو دەردەچن. بەڕێکەوت مارمێلەکەیک لە بن یەکێکیان بە خێرایی تێدەپەڕێ، جوتیارەکە دەپرسێ، ئەی بە عەرەبی بەو جانەوەرە دەڵێن چی ؟ یەکێ لە هاوڕێ



عەرەبەکان دەڵێ: ئەبو بریس. جوتیارەکە دەلێ ماڵ خراو، ناوە حزبییەکی ناڵێم، مەبەستم ناوەکەی خۆیەتی، خۆ سیخوڕی بەسەرەوە ناکەم!

ئەو سوپایە سوپای مە نەبوو، کات هات و چوو، دراوسێکەمان هەبوو بەردەوام قڕەی لەگەڵدا دەکردین، بەبێ گوناح جمێنیان دەدا، کورد بێ مێشکە و تێ ناگا و نازانێ جلوبەرگ چییە و بەردەوام گەڕی پێدەکردین، هەرچەندە منداڵەکانی خۆیان نەدەرپێیان لەبەربوو نە سەرپێ لە پایاندا هەبوو. دواتر زانیمان ئەو دراوسێیەمان کوڕێکیان لە کوردستان بە دەستی پێشمەرگە دەکوژرێ و ئیدی سەرچاوەی هەموو ڕقەکەیان ئەوەیە.

خوا کردی جارێکیان ناسیارێکمان هات و قسەی لەگەڵدا کردن، ئەوەی حالی بووین لێیان، کە کورد دژی سوپای عروبە(جیش عروبە) یاخی بووە و دەیەوێ تا بەغدا، وەک خانە ئەحمەد خانی لهۆن هێرش بکا.

ئەو بەغدایە واز لێ دێنم و دەگەڕێمەوە سلێمانی، شەشی کانونی ١٩٧٩ بوو، مامۆستایەکی عەرەبمان هەبوو بەناوی خەلف عاشق عەبدوڵا، ئەو خەلەفە خۆی بەردەوام پێدەکەنی و هەردەم دەیگوت: الضحک بلا سبب من قلة الأدب (پێکەنینی بێ هۆ نیشانەی ڕەوشت نزمییە)، جارێکیان هونراوەی بەسەر سوپادا دەخوێندنەوە، کۆمەڵێکی زۆر لە خوێندکارەکان چەپڵەیان لێ نەدا، زۆر تورەبوو، وتی: ئەگەر سوپای عێراق نەبێ، سەربازی ئیسرائیلی لە هەموو سەری شەقامێ داوای ناسنامەتان لێ دەکەن. زۆری نەبرد قوات خاسەی حزبەکەی، لە شارەکانی کوردستان، لە هەر سەد مەتری لاکۆڵانێک، نەک هەر بە وەرگرتنی ناسنامە ڕازی نەدەبوون، بەڵکو خەڵکیشیان پڕ شەق دەکرد!

ئاسۆ بیارەیی
سوید زستانی ٢٠١٥